## گەنجانی یانەی كوردی "میدیـــا" لە هۆڵەندە و ڕۆڵی بەرچاویان لە داڕشتنی پلانی كاری ساڵی 2006 ی دەزگای گشتی پەناهەندەكان سەبارەت بە پەناهەندە بە گشتی و گەنجانی پەناهەندە بەتایبەتی





گەنجانی بەشدار بوو لە كۆبوونەوەی ڕێكخراوی پەناهەندەكان.

**ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی گەنجانی "میدیـــا" لە هۆڵەندا**

پاش سەركەوتنێكی بەرچاو لە ڕێكخستنی خولێكی ڕاهێنان بە ناو نیشانی " ژیان لە ئازادیدا " لە دیسەمبەری 2005 بۆ 40 گەنجی كورد لە هۆڵەندا، هەر وەك بڕیار بوو بەشداری لە كۆبوونەوەكانی سەرجەم ڕێكخراوە پەناهەندەیەكان بكرێ بۆ داڕشتنی نەخشە و پلان بۆ سەرخستنی كارەكان و فراوان كردنی پرۆگرامی ساڵی 2006. سەبارەت بەم بابەتە تواندرا لە لایەن نوێنەرانی ئەنجومەنی گەنجانی "میدیـا" بە شێوەیەكی فراوان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەشداری لە كۆبوونەوەكە بكرێ.

لە ڕۆژی هەینی و لە ڕێكەوتی 2006/01/27 كۆبوونەوەكە بە فەرمی دەستی پێ كرد و ووتار و پەیامی ڕێكخراوی پەناهەندەكان لە لایەن بەڕێوەبەری دەزگای گشتی پەناهەندەكان پێشكەش كرا، لە پاشان ڕێكخراوانی ئامادەبوو كاتییان پێ درا بۆ ناساندنی ڕێكخراوەكانیان و ناساندنی كەلتور و كێشە نەتەوەیەكانیان بە ئامادەبوان.

لەگەڵ ئەنجومەنی گەنجانی "میدیـا" بە هەمان شێوە نوێنەرانی هەر دوو لیژنەی "میدیـــا"ی سەرتاسەری و ئەنجومەنی ژنانی "میدیـا" بەشداریان لەم كۆبوونەوە فراوانەدا كرد و ڕۆڵی گرنگی خۆیان نواند، بەڕێزانی ئەندام لیژنەی "میدیـا" توانیان بە پێی پێویست دەنگی ڕێكخراوەكە یان بگەیەنن و ناوی پیرۆزی كوردستان لە گوێی ئامادەبووان بزرینگێننەوە.

لە ڕۆژی دووەمی كۆبوونەوەكە بڕیار درا بە جیا كۆبوونەوەكان ئەنجام بدرێن، گەنجان بە جیا و ژنان بە جیا، بەڵام لە هەمان كاتیش سەرپەرشتیكاران بە جیا كۆبوونەوە. دیارە ئەم سیستەمەی كۆبوونەوە كردن هۆی سەرەكی

دەگەڕایەوە بۆ چەند خاڵێک، سەرەتا بە پێویست زاندرا، کە هەر یەك لە گەنجان و ژنان و سەرپەرشتیکارانی ڕێکخراوە بەشدار بووەکان بە جیا لە دیاری کردن و فراوان کردنی پرۆگرام و پلانی ڕاپەڕاندنی کارەکان لە ساڵی 2006 بێنە دووان.

مەبەست و هۆی تریش هەبوون بەڵام دیارترینیان ئەوە بوو، کە دەبێت هەر گروپێك بۆ خۆی پرۆگرام دیاری بکات و خۆشیان بگەڕێن بە دوای چارەسەر بۆ کێشەکانیان.

لە دانیشتنی یەکەمی گەنجانی پەناهەندە لە ڕۆژی دووەمی کۆبوونەوەکە لە سەر داوای بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە بەڕێز "ڕاین" کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی ستافۆری دەکرد، داوا لە هەر یەك لە ڕێکخراوە کانی گەنجان کرا کە بەکورتی باس لە کار و چالاکیەکانی خۆیان بکەن. گەنجانی "میدیـا" و گەنجانی "ئەکرای ئەفغانی" بە هاوبەشی باسیان لە کارەکانی خۆیان کرد و باسی پەیوەندی بەهێزی نیوان خۆشیان ڕوون کردەوە بۆ بەڕێزانی ئامادەبوو.

یەکێك لە کارە هەرە فراوانەکانی گەنجانی "میدیـا" و گەنجانی "ئەکرای ئەفغانی" سەرنجێکی زۆری ئامادەبووانی ڕاکێشا و بوو بە باسی چەند کاتژمێرێك. ئەو کارەی کە بە هاوبەشیش ئەنجام درا بوو لە لایەن هەردوو ڕێکخراوی گەنجانی "میدیـا" و گەنجانی "ئەکرای ئەفغانی" کردنی کەمپینێک بوو بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی پارێزگاکانی هۆڵەندا. ئەمەش زیاتر بۆ هاندانی پەناهەندەکانە لە بەشداری کردنیان لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەدا لە ڕێکەوتی **2006 /03/07.**

بە پێی بڕیاری لیژنەی " لۆم " کە ڕاسپێردراوی حکومەتی هۆڵەندیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن، لە سەر داوای ئەوان داوا لە گەنجانی "میدیـا" و گەنجانی "ئەکرای ئەفغانی" کرا کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی پەناهەندەکان بکەن و بەشداری بکەن لە کردنی کەمپینێک بۆ هەڵبژاردن. شایەنی باسە گەنجانی کورد توانی سود لە ئەزمونی دوا هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراقی وەربگرێ لە کاتی ڕاپەڕاندن و بەشداری کردنیان لە پرۆسەکەدا.

شایەنی باسە نوێنەری گەنجانی "میدیـا" لە گەڵ بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانی لە کردنی کەمپینێک بۆ هاندانی پەناهەندان لە هۆڵەندا بۆ بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکان، شەرەفی قسەکەری فەرمی گروپێکی **40** ئەندامیشی پێ سپێردرا بوو، نوێنەری گەنجانی "میدیـا" توانی لە ڕێگەی تەلەفزیۆنی کەناڵی **2** هۆڵەندی و ڕادیۆی **1** ی هۆڵەندی و تەلەفزیۆنی ناوخۆی شاری ئەمستەردام چەند چاو پێکەوتنێك ئەنجان بدات.

پاش کۆبوونەوەیەکی چڕ و پڕ و ئاڵوگۆڕ کردنی بیر و بۆچونەکانی ڕێکخراوەکان تواندرا لە سێیەمین ڕۆژی کۆبوونەوەکە هەر سێ گروپ سەرنجەکانیان دەربارەی پرۆگرامی **2006** بخەنە بەردەم دەزگای گشتی پەناهەندان لە هۆڵەندا. سەرجەم سەرنج و ڕەخنە و بۆچوونە نوێ یەکان بەرز نرخیندران لە لایەن بەڕێوەبەر و کارمەندانی دەزگای ناوبراو. بەڕێز خاتوو ۆزگونەر بڕیاریدا بە زووترین کات گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکاندا بکات و داخوازیەکانی سەرجەم بەشدار بووانیش جێ بە جێ بکات.









گەنجانی بەشدار بوو لە خۆئامادەکردن بۆ کردنی

کەمپینێک بۆ  هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکان لە هۆڵەندا.